# خەیاڵی کۆمەڵناسی

ڕایت میللز
لە ئینگلیزییەوە: پ. ی. د. حیکمەت نامیق
(کۆلێژی پەروەردەی مەخموور)
( ١- ٢ )

ئێستا زۆربەی خەڵک لەژیانی تایبەتییاندا هەست بە زنجیرەیەک ناخۆشی و ماندووبوون دەکەن، بەجۆرێک وا هەست دەکەن کە لەناو ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەدا، لەئاست کێشە و گرفتەکانی ڕۆژانەیان دەستەوەستانن و ناتوانن بەسەر گرفتەکاندا زاڵ بن، ئەم جۆرە هەستکردنە جۆرێک لە ڕاستیودروستی تێدایە، ئەوجا چی خەڵکی ئاسایی بێت کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ درکی پێ دەکات، یان ئەوەتا ئەوانەی، کە هەوڵی ئەوە دەدەن هەموو کردەوە تایبەتییەکانیان وەک خولانەوە لەناو بازنەیەکدا لەناو ژیانی تایبەتییان پەیوەست و سنووردار بکەن، دید و توانستەکانیان لە چوارچێوەی کارکردن و خێزان و هاوسێیەتیدا کورت دەکەنەوە، هەروەها لە شوێنی تریش وەک بینەر و تەماشاکەرێک جووڵە دەکەن و دەمێننەوە، هەرچەندە زیاتر بەئاگابن بەو خواست و هەڕەشە ناوخۆییانەی کە تێیان پەڕاندووە، ناخۆشی و وەڕسبوونیان زیاتر دەبێت.

پێ دەچێت ئەو جۆرە گیرخواردن و شەکەتی و وەڕسبوونە، ئەو گۆڕانکارییە بابەتییانە بن کە بە شێوەی فراوان لەناو پێکهاتەی کۆمەڵگە ڕوودەدەن. واقیعی مێژوویی ئێستا بریتییە لە واقیعی سەرکەوتن و شکستی تاک، جا چی ژن بێت، یان پیاو. کاتێک کۆمەڵگە بە پیشەسازی

کرا، جووتیار دەبێتە کرێکار و دەرەبەگ و خاوەن زەوییەکان دەبنە خاوەن کار و بزنس، کاتێک چینەکان هەڵبەز و دابەز دەکەن، تاک بەکاردەهێنرێت و بێکار دەبێت، هەروەها کاتێک رێژەی وەبەرهێنان بەرزی و نزمی بەخۆوە دەبینێ، مرۆڤ هەست بە خۆشی و ناخۆشی دەکات، بۆ نموونە کابرا بە ئاسوودەیی دەچێتە سەر جێگەکەی و دەخەوێ، یان لەکاردا ئیفلاس دەکات، هەروەها کاتێک شەڕ ڕوودەدات ئەوە فرۆشیاری بۆندەکانی مووشەک دەبنە مووشەک هاوێژ، هەروەک فەرمانبەری مەخزەن سەرقاڵی ڕادار دەبێت، هاوسەر بەتەنیا دەژیت، هەروەها منداڵ بێ باوک گەورە دەبێت. نە دەتوانین لە ژیانی تاکەکەسی تێ بگەین نە دەتوانین لە مێژووی کۆمەڵگە تێ بگەین، بەبێ تێگەیشتن لە هەردووکیان، واتە تەنیا بەتێگەیشتن لە ژیانی تاکەکەس و مێژووی کۆمەڵگە، دەتوانین کێشەکانیان دەستنیشان بکەین.

سەرباری ئەوەی زۆرجار تاکەکان ئەو گرفتانە دەستنیشان ناکەن، کە لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە مێژووییەکان و دژکار و ناکۆکی دامەزراوەکاندا گیرۆدەی بوون، بەڵام زۆر جار ئەوانەی چێژ لە خۆشگوزەرانی وەردەگرن، پێوەندییان بەو پێشڤەچوون و شکستانەوە نییە کە لە کۆمەڵگەکانیاندا ڕوودەدەن، چونکە مرۆڤی ئاسایی بەدەگمەن ئاشنای ئەو پێوەندییە ئاڵۆزەیە کە لەنێوان شێوازی ژیانی خۆیان و ئاراستەی مێژوویی جیهاندا هەیە. مرۆڤی ئاسایی نازانێ ئەو پێوەندییە دەستنیشان بکات، کە بەیانی دەبێتە چی، چۆن مێژوو دروست دەبێت، هەروەها بە جۆری ئەو پرۆسانە ئاشنا نین، کە بەرهەمی مێژوون و خودی مرۆڤ بەشداری تێدا کردووە.

هەروەها ئەوان خاوەن توانست و کارامەیی عەقڵیی پێویست نین بۆ تێگەیشتن و درککردنی پێوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگە،



ڕایت میللز

هەروەها لەنێوان بایۆگرافیا و مێژوودا لەلایەک و خود و جیهان لەلایەکی دیکەوە، هەروەها ناتوانن بەرەنگاریی گرفتە کەسییەکانیان بن، بە شێوەیەک، کە ئەو گۆڕانکارییە بنیادییانە کۆنترۆڵ بکەن لە پشت ئەو گرفتنانەوەن.

بێگومان جێگەی سەرسوڕمان نییە خەڵکێکی بێشومار بەرانبەر ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە هەڵوەستە نەکەن کە وەک بوومەلەرزە ڕوودەدەن، بەو قەبارە مەزنە مرۆڤ پێوەی ئاشنا نەبێ. ئەمریکاییەکان ئاشنای کارەساتی گۆڕانکارییەکان نین، وەک ئەوەی کۆمەڵگە و تاکەکانی دیکە پێوەی ئاشنان، ئەمەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە ڕاستییە مێژووییەکان ئێستا تەنیا بوونەتە (مێژوو) ئێستا مێژوو کاریگەری لەسەر هەموو مرۆڤایەتی لەجیهاندا هەیە.

لەنێو ئەو دیمەن و قۆناغەدا لەناو ئاراستەی یەک نەوەدا، بەنزیکەی یەک لەسەر شەشی مرۆڤ لە سیستمی دەرەبەگایەتی دواکەوتوو بۆ تازەگەری و ترسناکی و پێشکەوتن گۆڕاوە. شێوە کۆنەکەی داگیرکارییە سیاسییەکان ئازادبوون، بەڵام فۆرمی

نوێی ئیمپریالی بەناڕوونی جێگیربوون.

شۆڕش ڕوودەدات، مرۆڤ هەست بە شێوەی نوێی دەسەڵات دەکات و کۆمەڵگەی تۆتالیتار سەرهەڵدەدات. دواتر تێکدەشکێ و دەپووکێتەوە، یان ئەوەتا سەرکەوتنێک بەدەست دێنێت عەقڵی مرۆڤ باوەڕناکات. دوای دوو سەدە لە هەژموونگەرایی سەرمایەداری خۆی دەردەخات وەک تاکە ڕێگەی دروستکردنی کۆمەڵگەیەک لەنێو ئامرازێکی پیشەسازیدا، واتە گۆڕینی کۆمەڵگە بۆ ئامرازی پیشەسازی. دوای دوو سەدە لە ئومێد و هیوا، دیموکراسییەت بە شێوەی ڕووکەش لەناو بەشێکی بچووکی کۆمەڵگەدا کورت کراوەتەوە. لە هەموو کۆمەڵگە تازە پێشکەوتووەکاندا شێوازی ژیانی کۆن تێکشکاوە، خواستە ناڕوون و نادیارەکان بوونەتە پێداویستی هەنووکەیی، هەروەها لە هەموو کۆمەڵگە گەشەکردووەکاندا ئامرازی دەسەڵات و توندوتیژی گشتگیر بوون و زیاتر لە شێوەی بیرۆکراسیەتدا بڵاو بوونەتەوە. خودی مرۆڤایەتی لەبەردەم ماندا ئامادەگی هەیە، ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، هەردوو هێزە گەورەکە ئەوپەڕی توانست بۆ سێیەمین جەنگی جیهانی سەرف دەکەن.

ئێستا پرۆسەی دروستکردن و پێکهێنانی مێژوو توانستی خەڵکەکەی تێپەڕاندووە، بەپێی ئەو بەهایەی کە خۆیان باوەڕیان پێیەتی و ئاراستەیان دەکات. کامە بەها؟ زۆربەی خەڵک، تەنانەت ئەوانەی کە خەمساردن، هەست بەوە دەکەن کە شێوەی بیرکردنەوەی پێشووتر هەرەسی هێناوە، هەروەک سەرەتاکانی بیرکردنەوەی نوێش بە جۆرێک نادیار و ناڕوونە واتای ئەخلاقی لەدەست داوە.

ئایا جێگەی سەرسوڕمانە پاش هەموو شتێک مرۆڤ هەست بەوە بکات کە دەستەوەستانە لەبەرانبەر ئەو جیهانە فراوانەی کە بە شێوەی لەناکاو بەرەنگاری دەبێتەوە؟ ئایا خۆیان واتای ئەو سەردەمە مێژووییە تێناگەن کە تێیدا دەژین؟ ئایا بەرگری لەخۆیان دەکەن، یان هەر خەمسارد بێهەست و دوورەپەرێزن؟ ئایا شتێکی نامۆ نییە دۆخەکە هەروا بێت و مرۆڤ هەست بە بێهیوایی کەوتن بکات.

میللەت تەنیا پێویستی بە زانیارییەکان نییە، لە سەردەمی واقیعی ئێستادا، زۆرجار زانیارییەکان بە سەرنجەوە هەژموونیان بەسەر خەڵک کردووە، بەڵام مرۆڤ کاتی نییە بۆ وەرگرتن، بۆیە لەئاست وەرگرتن و تێگەیشتندا تووشی دەستەوەستان دەبێت، هەروەها پێویستیان بە توانایی بیرکردنەوە و هەڵهێنجانی بابەتەکان نییە، هەرچەندە خەبات و ڕەنجی ئەوان بۆ دەستخستن و بەدیهێنانی شتێک زۆر جار وزە و توانستە مەعنەوییەکانیان هیلاک و ماندوودەکات.

ئەوەی کە پێویستیانە ئەوەیە کە وا هەست بکەن پێویستە ئەمیش ئەو توانستە عەقڵییەیە کە یارمەتییان دەدات زانیارییەکان بەکاربێنن و عەقڵیان پێش بخەن لەپێناو بەدەستهێنان و تێگەیشتنی هەموو ئەو شتانەی کە لە جیهانی دەرەکیدا ڕوودەدەن، یان بۆ تێگەیشتنی هەموو ئەوانەی کە ڕەنگە ڕووبدەن. ئەم جۆرە کۆکبوونە لە بیرکردنەوە و لۆژیکە ڕۆژنامەنووسان و وانەبێژان و هونەرمەندان و خەڵک و زاناکان و سەرنووسەران چاوەڕێی دەکەن، پێی دەگوترێ خەیاڵی کۆمەڵناسی.

١

دەشێ خەیاڵی کۆمەڵناسی خاوەن تێگەیشتنێکی فراوان و مەزنی دیمەنە مێژووییەکان بێت لەڕووی ژیانی ناوەوەی گرووپە جۆراوجۆرەکانی تاک و پرۆسەی ژیانی دەرەکییان، دەکرێ ڕەچاوی ئەوە بکرێ چۆن زۆرجار تاکەکان لە ئەزموونی تاڵی ڕۆژانەیاندا بەشێوەی ساختە بەئاگان بەرانبەر بارودۆخی کۆمەڵایەتییان. لەنێو ئەم تەنگژەیەدا دنیابینی کۆمەڵگەی تازەگەری پێکهاتووە،

هەروەها لایەنی دەروونی مرۆڤەکانی بە هەردوو ڕەگەزەوە دروست کردووە. هەر لەم سۆنگەیەوە کێشەوگرفتەکانی تاک بە ڕوونی جەختی لەسەر کراوەتەوە، هەروەها بێباک و خەمساردەکانیش لەناو کۆمەڵگەدا بۆ ناو پرسە گشتییەکان گوێزراونەتەوە و تێکەڵی کۆمەڵگە بوونە و گرنگییان پێ دەدەرێت.

یەکەمین وانە و بەرهەمی ئەم خەیاڵی کۆمەڵناسییە بەرجەستەکردنی ئەم بیرۆکەیەیە، کە تاک دەتوانێ لە ئەزموونی خودی خۆی تێبگات، هەروەها دەتوانێ چارەنووسی خۆی دیاری بکات، کاتێ خۆی لەناو قۆناغ و دۆخێکی مێژوویی دانا، ئەو کاتە بەئاگاییەوە دەڕوانێتە دەرفەتەکانی ژیانی، ئەگەر درکی ئەوەی کرد، دەرفەتی ئەوانی دیکە بەشدارن لەژیان و دۆخی ئەو. ئەو وانەیەی کە کۆمەڵناسی کاری لەسەر کردووە، لەزۆر ڕووەوە هەم وانەیەکی بێزارکەرە، هەم لەزۆر ڕووی ترەوە وانەیەکی گرنگ و سەرنجڕاکێشە.

ئێمە سنووری توانستەکانی مرۆڤ نازانین، ئەوجا لەبارەی توانستە بڵندبووەکان بێت، یان هەڵوەشانەوەکان، هەروەها ئێمە نازانین مرۆڤ بەرگەی ئازار و خۆشییەکان دەگرێت، یان ئەو دڵڕەقییەی کە خۆشییەکان دێنێت لەگەڵ ئارامی عەقڵی و جوانییەکانی، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا دەتوانین بڵێین سنووری (سروشتی مرۆڤ) تا ئاستێکی ترسناک فراوانە. دەزانین کە هەموو تاکێک لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، لەکۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەژیت، هەروەها ئەم نەوەیە بایۆگرافیا و ڕیزبەندی مێژوویی هەیە. بەو واتایەی کە لە چوارچێوەی مێژوویەکی دیاریکراودا دەژیت، بەهۆی ئەوەی کە دەژیت، بەشداری لە دەسنیشانکردنی کۆمەڵگە و ڕێڕەوی مێژوودا دەکات، تەنانەت ئەگەر بەشداربوونەکەی لاوازیش بێت، چونکە پاڵنەرێکی مێژوویی هەیە لەلایەن کۆمەڵگەوە دروست کراوە.

خەیاڵی کۆمەڵناسی وامان لێ دەکات بە قووڵی لە پێوەندی نێوان بایۆگرافیا و مێژوو تێ بگەین، ئەمەش ئەرک و بەڵێنە، بەجێهێنانی ئەم ئەرک و وەفایە خەسڵەت و ئامانجی سەرەکی کۆمەڵناسانی کلاسیکی بووە. بۆ نموونە سیفەت و تایبەتمەندی (هێربرت سپنسەر) بە زمانی ڕازاوە و فرە وشەکان و گشتگیری دەناسرێتەوە، (ئی ئەی ڕۆس) بە ستایلی ڕەنگین و ڕاست و ڕەوان دەناسرێتەوە، هەروەها (ئۆگست کۆمت و ئەمیل دۆرکهایم و کارل مانهایم) بە زرنگی و ئاڵۆزی دەناسرێنەوە، (مارکس) نهێنی کواڵیتی پشت داهێنەری فیکری و ڕۆشنبیری بووە. (سۆرستن ڤێبلێن) بە کلیلی درەوشاوەیی و هەڵکەوتوویی و تێگەیشتنی گاڵتەخوازانە دەناسرێتەوە. (جۆزێف شومپێتەر) بە واقیعی فرەڕەهەندی دەناسرێتەوە، هەروەها بنەمای سایکۆلۆژیەتی گشتگیر لای (لێسکی) هیچی کەمتر نییە بەرانبەر قووڵی و ڕوونییەکەی (ماکس ڤیبەر)، ئەمانەش باشترین ئاماژە و سیگناڵی لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەن.

هیچ لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی ناتوانێ ئاراستە فیکرییەکەی بە ئەنجام بگەیەنێ، بەبێ گەڕانەوە بۆ کێشەکانی ژیانی مرۆڤ لە بواری بایۆگرافی و مێژوویی، دواتر تێکەڵکردنیان لەناو کۆمەڵگەدا. پرسیارە تایبەتییەکانی کۆمەڵناسە کلاسیکییەکان هەرچییەک بێت خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کردووە، ئەوجا بە شێوەی بەرتەسک بێت، یان فراوان بێ، یان هەر کەسێک بە ڕوونی لە ئاسۆی کارەکەی تێگەیشتبێت، یان پابەندی کارەکەی بێت، گرنگی بە سێ کۆمەڵە پرسیار دەدات کە ئەمانەن:

١- پێکهاتە و بنیادی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو بە

گشتی چییە؟ توخمە پێکێنەرەکانی چین؟ پێوەندییان لەگەڵ یەکتر چۆنە؟چۆن لەگەڵ پێکهاتەی سیستمە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە جیادەکرێنەوە؟ ڕۆڵ و واتای بەردەوامی و گۆڕانکاریکردن لە دووتوێی تایبەتمەندی بنیادی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا چییە؟

٢- چۆن کۆمەڵگە دەتوانێ بەرانبەر بە مێژووی مرۆڤایاتی بوەستێ؟ ئامرازەکانی گۆڕانکاری چین؟ شوێنگە و واتای ئەو پەرەسەندنە مرۆڤایەتییە بە گشتی چییە؟ کاریگەری ئەو تایبەتمەندییە لەسەر بنیادی کۆمەڵگەیەکی مەدروس چییە؟ چۆن لەناو سەردەمێکی مێژووییدا کاری تێدەکات؟ خەسڵەت و تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم سەردەمە چین؟ چۆن لە قۆناغەکانی دیکە جیادەکرێتەوە؟ خەسڵەتە دیارەکانی لە بەرهەمهێنان و دروستکردنی مێژوودا چین؟

٣- شێوازە باوەکانی کۆمەڵگە لەم سەردەمەدا، لەنێوان هەردوو ڕەگەزی ئافرەتان و پیاواندا چین؟ ئەم جۆر و بژاردانە چین، کە تاک پێڕەویان دەکات و سەربەخۆیی خۆی وەرگرتووە؟ بە چ ڕێگەیەک هەڵیدەبژێرن؟ چۆن دەچەوسێنرێنەوە و ئازادی بەدەست دێنن؟ چی جۆرە (سروشتێکی مرۆڤایەتی) تایبەت بە ڕەفتار و کەسێتی مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوی سەردەمێکی دیاریکراودا دەردەکەوێ؟ واتای تایبەتمەندی ئەو کۆمەڵگەیانە چین، کە ئێمە لەبارەی سرشتی مرۆڤایەتییەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەین؟

ئەم جۆرە پرسیارانە لەلایەن باشترین توێژەران و کۆمەڵناسان کراوە، ئەوجا بابەتی سەرەکی توێژەر دەوڵەتێکی مەزن بێت، یان نووسەری ئەدەب و خێزان و زیندان و ڕێبازێک بێت. ئەم جۆرە پرسیارانە تەوەرە گرنگەکانی فیکری کۆمەڵناسانی کلاسیکی بووە لەبارەی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا..

پێویستە ئەم پرسیارانە هەرعەقڵێک بجووڵێنێ و بەئاگا بێنێ کە خاوەن خەیاڵێکی کۆمەڵناسییە، چونکە ئەم خەیاڵە خاوەن توانایی گواستنەوەیە لە بۆچوون و مەبەستێک بۆ تێڕوانین و مەبەستی دیکە، بۆ نموونە لە ڕوانگەی سیاسییەوە بۆ ڕوانگەی دەروونی، یان بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەی تاکە خێزانێک بۆ کارکردن لەسەر بودجەی بەراوردکاری وڵاتانی جیاواز، هەووەها لە قوتابخانە لاهووتییەکان بۆ دامەزراوە سەربازییەکان، هەروەها کارکردن لەبارەی پیشەسازی نەوت بۆ توێژینەوە لەبارەی شیعری هاوچەرخ. ئەم خەیاڵە توانایی گواستنەوەی هەیە لە کارکردن و لێکۆڵینەوە لەبارەی گۆڕانکارییە مێژووییەکانی ئیرادە سەربەخۆکانی تاک بۆ زۆرترین تایبەتمەندییە کەسێتییەکانی مرۆڤ، لەگەڵ ڕەچاوکردن و پێزانینی پێوەندی نێوان هەردوولا. لەپشت بەکارهێنانی ئەم خەیاڵە کۆمەڵناسییە هەمیشە ویست و ئارەزوویەک لە بەرانبەر واتا کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی تاک لەکۆمەڵگەدا هەیە، هەروەها بۆ ئەو قۆناغە مێژووییانەی کە خاوەن بوون و مۆرکێکی کواڵێتین ویستێک هەیە.

بە کورتی مرۆڤ بەهۆی خەیاڵی کۆمەڵناسییەوە خۆزگەی ئەوە دەخوازێ، کە تێگەیشتن و بەرچاوڕوونی ئەوەی هەبێ چی لە جیهان دەگوزەرێ، هەروەک لەوە تێبگات چی بەسەرخۆیدا دێت، بەو واتایەی کە خاڵێکی گرنگە بۆ بەیەکگەیشتن و ئاوێزانبوونی بایۆگرافیا و مێژوو لەناو کۆمەڵگەدا. بەلانی کەمەوە هۆشیاری خودی مرۆڤی هاوچەرخ خۆی وادەبینێ ئەگەر سەرگەردانێکی ئەبەدی نەبێ ئەوە بەلایەنی کەمەوە کەسێکی نامۆیە، هەروەها پشت بە هەستێکی قووڵی ڕیژەییبوونی کۆمەڵگە و هێزی جووڵە مێژووییەکان دەبەستێ.

خەیاڵی کۆمەڵناسی بەرهەمدارترین جۆری هۆشیاریی خودە بەهۆی یارمەتی و بەکارهێنانی ئەم خەیاڵەوە مرۆڤ هەست دەکات عەقڵی

سنووردارە، وەک لە بازنەیەکی داخراوی جووڵەدا دەخولێتەوە، وەک ئەوە وایە مرۆڤ کتوپڕ لەخەو هەستێت، شتەکان پێچەوانەی ئەوە بووبن، کە پێشتر پێیان ئاشنابووە..

ئەمە ڕاست بێت، یان ناڕاست، مرۆڤەکان هەست دەکەن، کە بەرهەمێکی مەعریفییان هەیە، خۆیان هەڵسەنگاندنێکی یەکانگیر و حوکمدانێکی هاوسەنگیان هەیە، تواناییە سەرسوڕهێنەرەکانی مرۆڤ زیندوو دەبنەوە و چێژ لەم سەرسوڕمانە وەردەگرن، ئەگەرچی ڕۆژێک لە ڕۆژان بڕیارەکانی پێشوتریان دروست بووە، بەڵام بەرهەمی عەقڵێکی گەمژانە بوو، بۆیە ناکرێ شرۆڤەی گەمژەیی بکرێ. دووبارە هەڵسەنگاندن بۆ بەهاکان دەکەن، بەهۆی پێشبینی و هەستەکانیانەوە شێوەیەکی تازەی بیرکرنەوە بەدەست دەهێنن، هەروەها درکی واتای ڕۆشنبیری زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن.

٢

ڕەنگە گرنگترین جیاوازی، کە خەیاڵی کۆمەڵناسی کاری لەسەر دەکات ئەوە بێت (گرفتە کەسییەکان بەرهەمی ژینگەن)، هەروەها (پرسە گشتییەکان تایبەتن بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی) ئەم جیاکارییە ئامرازێکی سەرەکی و بنەڕەتی خەیاڵی کۆمەڵناسییە، هەروەها تایبەتمەندی زۆر لە کۆمەڵناسانی کلاسیکی بووە.

گرفتار و ئاستەنگەکان لە چوارچێوەی ژینگەی کەسایەتی تاکەکان ڕوودەدەن، کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ئەوانی دیکەوە هەیە، واتە پێوەندی بە خۆی و ئەو بوارە سنووردارانەی کۆمەڵگەوە هەیە کە بە شێوەیەکی کەسی پێوەی ئاشنایە. بەم پێیە درکپێکردنی ئاستەنگەکان و زاڵبوون بەسەریاندا بە شێوەی دروست ئەوەیە، کە تاک بوونێکە بارودۆخی مێژوویی و ژیاننامەی جیاوازی خۆی هەیە، هەروەها بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەرکەوتەی لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتیدا هەیە، ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی یەکسەر کاریگەری بەسەر ئیرادە و چالاکییەکانی جێ دێڵێ، بۆیە گرفتەکان پرسی کەسی و تایبەتین: ئەو بەهایەی کە تاک باوەڕی پێیەتی و هەست دەکات دووچاری هەڕەشە بووەتەوە.

بەڵام (پرسەکان) پێوەندییان بە کاروباری ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تاکەوە هەیە، کە چوارچێوە ناوخۆییەکەی تێپەڕاندووە، بۆیە پێوەندی بە ڕێکخستنی زۆر لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، وەک دامودەزگە، کە مۆرکێکی مێژوویی گشتگیرییان هەیە، هەروەها پێوەندی بەو ڕێگە و شێوزانەوە هەیە کە ژینگەی جیاوازیی دێتە ناو و ئاوێزانی یەکتر دەبن، بە مەبەستی پێکهێنانی بنیادێکی گەورە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی، بۆیە پرسەکە گشتییە بەو واتایەی کە خەڵک پێی وایە ئەو بەهایەی کە ئەوان باوەڕیان پێیە ئێستا لە مەترسیدایە. زۆربەی گفتوگۆکانیش لەبارەی واقیعی ئەو بەها و مەترسییەیە کە هەڕەشەی لەسەرە. زۆر جار گفتوگۆکان بێ سوودن، لەسەر خاڵە گرنگەکان ناوەستن، بەهۆی سروشتی تایبەتی کێشە و گرفتە کەسییەکان و کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە ئەستەمە لەناو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاساییدا پێناسەی بکەین، بێگومان کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان زۆرجار بە قەیرانی سیستمی دامەزراوەکانەوە پەیوەستن، وەک مارکسییەکان پێی دەڵێن (دژبوون، یان دژواری).

لەم سۆنگەیەوە بیر لە بێکاری بکەوە، بۆ نموونە لە شارێکی سەد هەزار کەسیدا، ئەگەر تەنیا یەک کەس بێکار بێت، ئەمە پێوەندی بە گرفتی کەسەکە خۆیەوە هەیە، بەڵام بۆ سووککردنی کێشەکەی پێویستە سەیری خودی کێشەی کەسەکە بکەین و لەڕووی کارامەیی و دەرفەتی ڕاستەوخۆی کەسەکەوە، بەدروستی

لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، بەڵام کاتێک میللەتێک پەنجا ملیۆنی کەسی خاوەن توانایی هەبێت، تەنیا پازدە ملیۆن کەسی بێکار بێت، ئەمە کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەم بارەیەوە ناتوانین هیوای ئەوە بخوازین چارەسەرێک بدۆزینەوە، کە ببێتە دەرفەتی لەبار بۆ یەک بەیەکی بێکارەکان، چونکە بەم شێوەیە دەرفەتی کارکردن نامێنێ، بۆ ئەوەی کێشەکە بە شێوەیەکی دروست دابڕێژین پێویستە ئەگەرەکانی چارەسەر دەستنیشان بکەین، نەک تەنیا بارودۆخی کەسی و سیفەتی تاکەکان، بەڵکوو پێویستە دامەزراوە ئابووری و سیاسییەکانی کۆمەڵگەش لەبەر چاوبگیرێت.

لەبارەی نیگەرانییەکانی شەڕەوە، کاتێک ڕوودەدات، ڕەنگە کێشە کەسییەکانی مرۆڤ ئەوە بێت چۆن لە شەڕەکە ڕزگاری دەبێت، یان چۆن (بەشەرەفەوە بمرێت)، یان چۆن لەشەڕەکەدا پارە پەیدابکات، یان چۆن سەرکەوێ و پلەی بەرزبێتەوە، بۆ ئەوەی شوێنێکی گەرم و سەلامەت لە نێو دامەزراوە و ئامرازە سەربازییەکاندا بگرێ، یان چۆن لە کۆتاییهێنانی شەڕەکە بەشداری بکات. بە کورتی کێشەکە پێوەندیی بە بەها مرۆڤایەتییەکانەوە هەیە ئەمیش لەنێوان کۆمەڵێک بازنە و ژینگەی کۆمەڵایەتیدا هەڵدەبژێررێت، یان ئەوەتا لەناو شەڕەکەدا بژیت، یان واتا بە مردنەکەی ببەخشێت، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بنیادی شەڕەکە پێویستە بەدوای هۆکارەکانیدا بگەڕێین و دەستنیشانی بکەین، هەروەها بەدواداچوون بۆ ئەوە بکرێ، چۆن و بە چی شێوازێک خەڵک لە شوێنە هەستیار و باڵاکاندا دانراون، کاریگەرییان بەسەر دامەزراوە ئابووری و سیاسی و خێزانی و ئاینییەکاندا چییە، هەروەها پێویستە هەمدیسان لێکۆڵینەوە لەبارەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە بکرێ، بەو واتایەی چۆن بە شێوەی نا ڕێکخراو و نا بەرپرسیارانە کارەکەیان کردووە.

لەبارەی نیگەرانییەکانی هاوسەرگیرییەوە، ڕەنگە ژن و پیاو تووشی گرفتی تایبەتی ببن، ئەمە شتێکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر لە چوار ساڵی یەکەمی پرۆسەی هاوسەرگیریدا ڕێژەی هەزار کەس وەرگرین تێیدا لەم ڕێژەیە دوو سەد و پەنجا کەس جیابوونەوە، ئەوە دەرخەری ئەوەیە کە کێشەی بنیادی هەیە، بۆیە ڕەگوڕیشەی گرفتەکە پێوەندی بە خودی دامەزراوە کۆمەڵاتییەکان و دامەزراوەی تری خێزانی و هاوسەرگیرییەوە هەیە ، چونکە هەریەک لەم دامەزراوانە پشت بەیەکتر دەبەستن.

بیر لە شارێکی گەورە و جوان و ڕازاوە و ترسناک بکەوە، زۆر لەوانەی کە سەر بە چینی ناوەندن پێیان وایە کە چارەسەری شەخسی (کێشەی شار) ئەوەیە کە لە دووریی چل میل لە شارەوە لەسەر ڕووبەری سەد دۆنم زەوی شوققەیەکت هەبێ لەنێو دڵی شارە گەورەکاندا لە باڵەخانەیەکدا، بۆ ڕاگرتنی ئۆتۆمۆبیل ژێرزەمینیشی هەبێت، دواتر پارکەکەش لە تەنیشت (کارێت ئیکبۆ) بێت، هاوسێکەشت (هێنری هیل) بێت. لەناو ئەم دوو شوێنی نیشتەجێبوونەدا کە لەلایەن خاوەنەکانیانەوە بە ستافێکی بچووکەوە کۆنترۆڵ دەکرێن و لەلایەن کۆپتەرەکەی خۆیانەوە خزمەتگوزارییان بۆ دەکرێت، زۆر کەس دەیانتوانی کۆمەڵێک کێشەی کەسیی چارەسەر بکەن، کە بەهۆی واقیعی شارەکەوە دروستبوون، بەڵام ئەم چارەسەرە چەندە نایاب بێت، بە هیچ شێوەیەک ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە چارەسەر ناکات کە شارەکە وەک ڕاستییەکی بنیادی دروستی دەکات.

چۆن دەبێت ئەم دروستکراوە ئەهریمەنییە سەرسوڕهێنەرە بگۆڕرێت؟ ئایا پێویستە بۆ بەشی جیاجیا دابەش بکرێت، شوێنی نیشتەجێبوون لەگەڵ شوێنی کارکردن تێکەڵ

بکرێت؟ ئایا پێویستە جوانکاری بکرێت بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لە جەوهەردا بگۆڕدرێت؟ یان بە چۆڵکردنی دانیشتووان، پێویستە شارە کۆنەکان بتەقێنرێنەوە و بە پێی پلانێکی نوێ لە شوێنێکی نوێدا شارە نوێیەکان دروست بکرێنەوە؟ ئەم پلانە دەبێت چی بێت؟ کێ دەبێت هەڵبژاردنەکە دیاری بکات و بڕیارەکە بدات و جێبەجێی بکات؟ ئەمانە کێشەی سروشتی پێکهاتەیین پێویست دەکات ڕووبەڕووی ببینەوە، دواتر چارەسەری بکەین، هەروەها پێویستە دەرئەنجامە سیاسی و ئابوورییەکان لەبەرچاو بگرین، کە کاریگەرییان لەسەر ژمارەیەکی بێشوماری دۆخی ژیانی تاکەکەسی دەبێت.

ئەستەمە کێشە شەخسییەکان چارەسەر بکرێن، تا ئەو کاتەی پێکهاتەی ئابووری بە شێوەی خێرا و کتوپڕی تووشی دارمان و تێکچوون بێت، هەروەها تا شەڕ پەیوەست بێت بە میراتگریی دەوڵەتی نەتەوەییەوە، هەروەها پیشەسازی لە جیهاندا بە شێوەی نایەکسان بێت، ئەوە لەبەرانبەردا مرۆڤی ئاسایی سنووردار دەبێت، بۆیە بەبێ چارەسەری دەروونی بەرانبەر ئەو سیستمە دەستەوەستان و لاواز دەبێت، کە بەسەریدا سەپاوە، هەروەها تا خێزان وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ئافرەتان بکاتە کۆیلەی مێردەکانیان هەر پیاوان بژێوی سەرەکی ژنان و منداڵەکان پەیدا بکەن، ئەو کاتە کێشەی ژن و مێردایەتی بە دروستی لەسەر ئاستی شەخسی و تایبەتیدا چارەسەر نابێ، هەروەها تا شارە گەورەکان گەشەبکەن و ئۆتۆمۆبیلی گرانبەهای تێدا دروستبێت، ئەم جۆرە سیفەتانە بەشێکی دانەبڕاوی کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندووە، بۆیە کێشەی ژیانی شارەکان نە بە بەهرەی کەسی، نە بە سامانی تایبەت، چارەسەر نابن.

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ئەزموونی جۆراوجۆری تاکەکان زۆرجار دەبێتە هۆی گۆڕانکاریکردن لە پێکهاتە و بنیادی ژینگەی تاکەکان، بۆیە بۆ تێگەیشتن لەبارەی ئەو گۆڕنکارییانەی، کە لەبارودۆخی تاکەکاندا ڕوودەدات، پێویستە دوورتر بڕوانین. هۆکاری زۆربوونی ئەو گۆڕانکارییە بنیادییانە پێوەندی بەم دامەزراوانەوە هەیە، کە تێیدا دەژین، هەروەها پەیوەستە بەفراوانبوون و ئاڵۆزبوونی پێوەندییەکان لەگەڵ یەکتر. بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و فێربوون و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی گونجاو، پێویستە توانایی دۆزینەوەی ئەو پێوەندییانەمان هەبێت، کە لەنێو ژینگەی جۆراوجۆردا هەیە، ئەوەی خاوەن ئەنجامدانی ئەم توانستەیە کۆمەڵناسی خەیاڵە.

٣

گرفتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە چین؟ کلیلی گرفتە تایبەتییەکان لەم سەردەمەی ئێستادا چین؟ بۆ دارشتن و دەستنیشانکردنی ئەم گرفت و ئاستەنگانە، پێویستە بپرسین ئەو بەهایانە چین خەڵک باوەڕی پێیانە و لەلایەن مرۆڤەکانەوە هاوبەشن، بەڵام لەبەردەم هەڕەشەدان، هەروەها کام بەهایانە پارێزراون و جێگەی پشتیوانییە لای مرۆڤەکان.

پێویستە ئەوە بزانین لە هەردوو بارەکەدا دژبوونێکی بنیادی لە پشت هەردوو پرۆسەکەوە شاراوەتەوە، کاتێک مرۆڤ هەندێ بەهایان هەیە هەست بە مەترسی ناکەن، لە دۆخێکی خۆشگوزەرانیدا گوزەر دەکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە کاتێک مرۆڤەکان تووشی قەیرانێک دەبن، یان ڕووبەڕووی دۆخێکی سەختی کەسی و کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەبنەوە، هەست دەکەن کە ئەو بەهایانەی ئەزموونیان کردووە

ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی دەبنەوە، بەڵام وەختێ هەموو بەهاکانیان تووشی ئەم قەیرانە بێت، ئەوە دووچاری ترس دەبنەوە.

با وادابنێین کە بەلای خەڵکەوە گرنگ نییە لەهەمبەر ئەو بەهایانەی کە باوەڕی پێیانە، نە جێگەی بایەخە، نە هەست بە مەترسی دەکات، ئەو کاتە دۆخێکی (بێباک) دروست دەبێت، کە هەموو بەهاکان تووشی وەستان و متبوون دەبنەوە. با هەمدیسان گریمانەی ئەوە بکەین، کە خەڵک پەی بە بەهاکان نابەن و لایان گرنگ نییە، بەڵام درک بەم هەڕەشە و مەترسییانە دەکەن، کە لەسەریانە. ئەم جۆرە ئەزموونە لە (نیگەرانی) و وەڕسبوونە، ئەگەر گشتگیر بێت ئەوە دەبێتە دەردێکی کوشندەی خەڵک.

سەردەمی ئێستامان بە سەردەمی بێباکی و تەنگژەکان دەناسرێتەوە، تا ئێستاش شێوەی نەگرتووە و دانەڕێژراوە، بەو واتایەی کە ڕێگە بەکاری ئەقڵی و بەکارهێنانی هەستەکان بدات، بە شێوەی ورد. لەبری ئەوەی ئێمە ئەو مەترسی و هەڕەشانە دەستنیشان بکەین کە لەسەر بەهاکان هەیە، زۆرجار بەدەست دڵەڕاوکێی نادیارەوە دەناڵێنین، هەروەها لەجیاتی ئەوەی کێشەکان ڕوون و ئاشکرا بێت، زۆرجار ڕۆحمان ماندووە، هەست دەکرێت هیچ شتێک بە جۆرێک لە جۆرەکان دروست نییە، بەجۆرێک نازانین چ شتێک هەڕەشە لە بەهاکان دەکات. بە کورتی هێشتا پرسەکان نەگەیشتوونەتە ئەوەی کە بڕیاریان لێوە بدرێت، بەڵام پێویستە بە لایەنی کەمەوە کێشەکان جێگەی بایەخی کۆمەڵناسی بن.

لە سییەکانی سەدەی ڕابوردوودا بێجگە لە هەندێ بازنەی وەهمیی نەبێت، کەم کەس هەبوو گومانیان لە هەبوونی کێشە ئابوورییەکانیان کردبێت، کە هۆکارەکەی تەنگژە کەسییەکانە. ڕەنگە لەنێو قەیرانی سەرمایەداریدا بیرۆکە و بۆچوونەکانی مارکس و ئەوانەشی، کە دانیان پێدا نەناوە، کلیلی سەرەکی ئەم پرسانە بێت، هەندێ کەس کێشە و گرفتەکانی خۆیان لەناو زاراوە و چەمکەکانی مارکسدا دۆزییەوە، ئەوە ڕوون بووەتەوە، کە ئەو بەهایانەی بە هاوبەشی باوەڕیان پێیەتی، مەترسییان لەسەرە، هەروەک ئەو دژبوون و ناکۆکییانە ئاشکرا و ڕوونن، کە لەنێو بنیاد و پێکهاتەکانە، هەمدیسان هەڕەشە و مەترسین لەسەر بەهاکان، ئەمەش جۆرێکە لە هۆشیاری و کردەوەی سیاسی لەلایەن هەردوو لاوە بە قووڵی هەستی پێ دەکرێت. ئەو بەهایانەی کە هەڕەشە و مەترسییان لەسەر بووە دوای دووەمین جەنگی جیهانی، زۆر جار خەڵک نە دانیان بەوەدا دەنا کە بەهان، نە هەستیان بەوە دەکرد، کە بەهاکان هەڕەشە و مەترسییان لەسەرە. نیگەرانییە تایبەتییەکان وەک خۆیان دەمانەوە، بەبێ ئەوەی دەستنیشان بکرێن، یان شێوە بگرن، هەروەها نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنی پرسە گرنگەکان، کە بایەخ و گرنگییەکی گەورەیان بۆ پێکهاتەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەبوو، هەرگیز نەبوونە بابەتی گفتوگۆی گشتی خەڵک بۆ ئەوانەی کە هێشتا دانیان بەو بەها فیکری و ئازادییانەدا دەنا کە لە ڕابوردووەوە بۆیان ماوەتەوە. دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی خۆی کێشەیەکی کەسی بوو، بێباکییش کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بوو، دۆخی دڵەڕاوکێ و بێباکی بوون بە تایبەتمەندییەکی دیاری ئەو سەردەمە. هەموو ئەمانە ئەوەندە سەرسوڕهێنەرن کە زۆرجار توێژەران باس لە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دەکەن لە سروشتی ئەو کێشانەی کە پێویستە بخرێنەڕوو.

بەردەوام دەبیستین کە چارەسەری کێشە

سـەرەکییەکانی سـەردەمی ئێمـە لـە کایـەی ئابـووری دەرەکییـەوە گـۆڕاوە بـۆ کوالیتـی ژیانـی تـاک، بـە واتایەکـی دیکـە زوو، یـان درەنـگ کاتێکی لەبـار دێـت بـۆ گەشـەکردنی ژیانـی تاکەکەسـی، چونکـە ئێسـتا ڕاسـتییەکەی شـتێک نییـە بـە ژیانـی تاکەکەسـی وەسـفی بکەیـن. ئـەوەی جێگـەی گرنگییـە کتێبـە گاڵتەجاڕییەکانە، نـەوەک کارکردنی منداڵان، هـەژاری نییـە، بەڵکـوو زۆری دەستبەتاڵی و کات بەسـەربردنە، هەروەهـا زۆر لـە پرسـە گشـتییەکان و تەنگـژە و گرفتـە شەخسـییەکان بـە (پزیشـکی دەروونـی) وەسـف دەکرێـن. زۆر جـار بـۆ دوورکەوتنـەوە لەپرسـە گشـتییە نوێیـەکان و کێشـە گـەورەکان وەک پرسـێکی سـۆزداری و عاتیفـی دەردەکەوێـت، هەروەهـا زۆرجـار ئـەم جـۆرە نمایش و دەرکەوتەیە لـە ئەوروپـا و ئەمریکا لەسـەر بنەمـای بەرژەوەندییەکـی بەرتەسـک دامـەزراوە، بەمـەش نـەک هـەر دوو لەسـەر سـێی مرۆڤایەتـی پشـتگوێ دەخرێـت، بەڵکـوو زۆرجـار ژیانـی تـاک بـە ئـارەزووی خـۆی لـەو دامەزراوانـە جیـا دەکرێتـەوە، کـە لـە چوارچێوەیـدا ڕوودەدات و هەندێـک جـار کاریگەرییەکـەی قووڵتـر دەبێـت، لـە چـاو ئـەو ژینگـە کۆمەڵایەتییـەی کـە تەمەنـی منداڵیـی مرۆڤـی تێـدا بەسـەر دەبـات.

بۆ نموونە کێشـەی کات بەسـەربردن و خۆشییەکانی مـرۆڤ بەبـێ ڕەچاوکردنـی کێشـەکانی کار هیـچ واتایەکی نییـە، هەروەهـا کێشـە و گرفتەکانی خێـزان، کـە لەمیانـی کتێبـە کۆمیدییـەکان گوزارشـتی لـێ دەکرێت، ئەسـتەمە بـەم شێوەیە دەستنیشـان بکرێت وەک کێشـە بەبـێ ڕەچاوکردنـی ڕەوشـی خێـزان کـە پێوەندییەکـی تـازەی لەگـەڵ دامەزراوەکانـی بنیـادی کۆمەڵایەتیـدا هەیـە. نـە کات بەسـەربردن و نـە فۆرمـە زیانبەخشـەکانی ناتوانرێت وەک کێشـە لێـی تێبگەیـن، بەبـێ ئـەوەی ئـەوە لەبەرچـاو بگیرێـت کـە تـا چەنـد نەخۆشـییە کۆمەڵایەتییـەکان و بێباکـی کاریگەرییـان لەسـەر پێوەندییەکانـی نێـوان مرۆڤـەکان و بارودۆخـی کۆمەڵگـەی ئەمریکـی مۆدێـرن بـە گشـتی هەیـە، بۆیـە ئەسـتەمە دەسنیشـان و ڕەچـارەی هـەر کێشـەیەک بکەیـن، کـە پێوەنـدی بـە (ژیانـی تایبەتی)یـەوە هەیە، بەبـێ شـارەزابوون لـە قەیرانـی بەهـاکان کـە بەشـێکن لەژیانـی کردارەکـی مرۆڤـەکان و چالاکـی ڕۆژانەیـان لەبـواری کارکردنـدا ئابوورییەکەشـی پشـت بـە کۆمپانیا گەورەکان دەبەسـتێت. دەروونشیکاران هەمیشە باسـی ئـەوە دەکـەن کـە زۆر جـار خەڵـک ئـەو هەسـتەی لا دروسـت بـووە کـە هێزێکـی شـاراوە لـە مرۆڤـدا هەیـە، جووڵـەی پـێ دەکات، هـەر ئەویشـە ڕێگـرە لـە ناسـینی مـرۆڤ، بـەڵام ئـەم بۆچوونـە لای (ئێرنسـت جۆنیس) پووچـەڵ کرایـەوە، ئـەو وای دەبینـێ کـە (دوژمنـی مـرۆڤ و مەترسـییە سـەرەکییەکانی ئـەو هێـزە یاخـی بـوون و تاریکییـە نییـە، کـە لـە ناویدایـە)، بەڵکـوو بـە پێچەوانـەوە (مەترسـییە سـەرەکییەکانی مـرۆڤ) خـۆی لـەو هێـزی یاخیبوونـەی کۆمەڵگـەی هاوچەرخدا دەبینێتـەوە کـە خـودی کۆمەڵگـە خاوەنیەتـی بـۆ بەرهەمهێنانـی مرۆڤـی نامـۆ، هەروەهـا خـۆی لـە ئامرازەکانـی هەژموونـی سیاسـی و بێسـەروبەری پێوەندییـە نێـو نەتەوەییـەکان دەبینێتـەوە، بەتایبەتـی پێوەنـدی بـە خـودی ئـەو گۆڕانکارییـەی (سروشـتی) مرۆڤـەوە هەیـە، کـە لـە بـارودۆخ و ئامانجەکانی ژیانیدا ڕوودەدەن. لێـرەوە ئەرکـی سـەرەکی سۆسیۆلۆژیسـت لـە ڕووی سیاسـی و فیکرییـەوە ئەوەیـە کاتێـک دەگەنـەوە یـەک، تایبەتمەندییەکانـی نیگەرانـی و بێباکـی بخەنـەڕوو، ئـەو ئەرکـەش خواسـتی سـەرەکی ئەوانەیـە کـە لەبـواری کولتـووری و هونـەری و فیزیاییـدا کاردەکـەن. پێـم وایـە ئـەم جـۆرە ئـەرک و خواسـتە هۆکارێکـی گرنگـە بـۆ ئـەوەی زانسـتە گەلـی کۆمەڵایەتـی، خاڵـی هاوبەشـیان لـە کولتـووری نوێـدا هەبێـت، هەروەهـا خەیاڵـی کۆمەڵناسـیش دەکاتـە گرنگتریـن کواڵێتـی ئەقڵـی ئەمـڕۆ.